# گرفتی پەنابەرانی عیراقی چیەو چ ریگا چارەیەك دەخوازی

## دەقی ووتاری (دەشتی جەمال)  بەرپرسی فیدراسیۆن لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی بەریتانیا

## 2007–3–26

ئامادەبووانی بەرێز:

بەناوی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی و بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەرانەوە بەگەرمی بەخیرهاتننتان دەکەم و زۆریش سوپاسی بەریز (جان مکدونالد) دەکەم کە ئەم کۆبوونەوە گرنگەی  سازدا بۆمان، وەهەروەها زۆر سوپاسی  هەموو ئەولایەنانە دەکەم کە بەردەوام بەهەولّی ئێمەوە بوون و هاوکاری یان کردووین و لەپال کەمپینی فیدراسیوانی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی و بەرەی دژی دیپۆرتی پەنابەراندا راوەستان و پشتیوانیان لەخواستەکانی ئیمە و پەنابەران کرد. هیوادارم ئەم کۆبوونەوەیە لەئاستی ئەو تەوەقوعەدا بێت کە هەزاران پەنابەرو خەڵکی کوردستان و عیراق لەوولاتانی دراوسێ و وولاتە ئەوروپی یەکان  چاویان تێ بریوە.

## بەریزان:

ئاشکرایە کەپەنابەرانی عیراقی هەڵهاتووی چ بارودۆخیکن! خەڵکی عیراق بەئارەزووی خۆیان روویان لە ژیانی پەنابەریتی نەکردووە، بەلکو ئەوە بارودۆخی جەنگ وداگیرکاری ونەبوونی ئەمنیەت و ناهەموارەیە کەبۆتە سەرچاوەی رووتێکردنی پەنابەرانی عیراقی بۆ دەرەوەی وولات. خۆتان رۆژانە وینەی کارەساتە دلتەزینەکانی خەلکی عیراق دەبینن کەلەشاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بلأودەبیتەوە، بۆیە من نامەویت لەقسەکانمدا ئاماژە بەقوربانیانی جەنگ و داگیرکاری بدەم، من نامەیوت باس لەئیغتسابی ژنان و دەستریژی رۆژانەی هیزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا و حکومەتی عیراقی بکەم بۆسەر خەڵك. تەنانەت من نامەوێت باسی ئەوە بکەم کەشەری تایەفەگەری نیوان چەکدارەکانی سوونە وشیعە بکەم، نامەویت باس لەوەبکەم کە چۆن تیرۆریزم و دەستەو تاقمی چەکداری ئیسلامی و پاشماوەکانی بەعس لەهەرشوینێك دەستیان بەسەر خەلکەوە زالبێت، چ بەلاو موسیبەت و تاوانیکیان روبەرووی خەڵك کرۆتەوە. ئەمرۆی عیراق بارودوخەکەی بەوشیوەیەیەکەئەگەر بتەویت بژیت و ئەمنەیەت بۆخۆت دابین بکەیت، دەبیت سەربە شوعبەیەکی ئاینی و قەومی بیت وەیا لەپال هیزەکانی ئەمریکادابیت وەیاخود چەك هەلگری بۆ یەکیك لەتاقم و میلیشیاکان  وشەری ئەوان بکەیت.

 لەعیراق نەدەولەتیك هەیە ژیان وئەمنیەتی خەڵك بپاریزێ و نان و کار و مافەکانیان چاودیری بکات، وەنە قانونیك هەیە ئاژاوەچیان و ئینسان کوژان دەستگیربکاو لییان بپیچیتەوە. بەلکو ئەوەی دەستووره پالی داوە بەداگیرکاری و هیزەکانی ئەمریکاوە و ئەوەشی پیی دەگوترێ دەستوور بۆ بەرەواکردنی تەقسیماتی قەومی وئاینییە و بۆ بەرەسمیەت پیدانی شەرو پیکدادانی تایەفەگەری بەدەسەتەوە گیراوە. ئاکامی 4 سالی ئەم بارودوخانە نەدەتوانرێ قسەیەك بۆئەمنەیەتی کۆمەلایەتی خەلك بکری ونە دەتوانری باس لەماف و ئازادی بکرێ، ئەوتا نزیك بە 4 ملیۆن خەلك بۆ خۆدەربازکردن لەوبارودۆخانە ژیانی ئاوارەبوونیان لەوولاتەکانی ئەردەن و سوریا و ئیران ومیسرو لوبنان ویونان تورکیا و کووەیت هەلبژاردووە. کەدیار ئەم بارودۆخە سەرچاوەیەکی بۆرووتێ کردنی پەنابەرانی عیراقی بۆ ولاتانی ئەوروپایی ولەوانەش بەریتانیا پیکهیناوە.

کوردستانیش کەدەولەتی بەریتانیا بە ناوچەیەکی ئارم ناوی دەبات 16 ساڵە 4 ملیون کەس لەخەڵکی کوردستان لەچاوەروانیدا وبەدیار سیاسەتەکانی ئەمریکا وە و لەژیر سایەی دەسەلاتی دووحزبی چەکداری قەومیەیەوە راگیراوە کە جگەلە گیرفان پرکردن و خۆدەولەمەندکردن شتیکی ئەوتۆیان بۆخەڵك نەکردووە، نارەزایەتیەیەکانی سالی رابردووی خەلکی شارەکانی کوردستان بەدژی گەندەلی و بۆدابینکردنی ئاوو کارەبا گەواهی لەسەر ئەم راستیەدەدەن.

هەقیەقەتی دەسەلات لەکوردستان  جگە لە گەندەلی  و فەسادو سەرکوت و پرکردنی زیندانەکان لەخەڵکی ئازادی خوازو  نائۆمید کردنی گەنجان وبێ حقووقی ژنان و مندالان و گرانی و بێ ئاوی بێ کارەبای وە هەرەشەی ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمی عەرەبی لەخەڵکی کوردستان،  شتیکی زیاتر نیشان نادات. ئەم راستیانە لەزمانی خودی ئەمریکای هاوپەیمانەوە دانیان پیدانراوە، ئەوەتا راپۆرتی رەسمی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا شایەتی لەسەر پێشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ دەدەن لەکوردستان، ئەمە جگەلەوەی راپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکانیش بەرۆشنی ئاماژەبە ناجیگیری وەزعی کوردستان دەدات. تەنانەت دەولەتی بەریتانیا لەسایتی خۆیدا داوای کردوە هیچ کەسێکی بەریتانی سەردانی عیراق نەکات بە هەریمی کوردستانیشەوە.

ئانە رینسبرگ بەرپرسی بالأ لەشوای پەنابەران دەڵێت(پێویستە بەهیچ شێوەیەك کەس نەگرینریتەوە بۆ عیراق ،چونکە ناردنەوەی پەنابەران بۆ عیراق ژیانیان ئەکەویتە مەترسی یەوە کیشەی ئینسانی و پەنابەری یەکان ئالۆزتر دەکات لەعیرقدا)

بەم جۆرە ئەوە خەلکی عیراق وکوردستانە کەلەئاکامی بارودۆخیکی سیاسیەوە ناچاربوون ریگای پەنابەریتی هەلبژیرن. بارودۆخیك کە حکومەتی بەریتانیا یەکێك لە بەشدارانی سەرەکیەیە تیدا و هەرئەویش بەرپرسیارە لەسەرهەلدانی ئەوبارودۆخانەی کە رووی لەخەلکی عیراق ناوە، بۆیە دەبی بەچاویکی ئینسانی یەوە تەحەمولی ئەنجامی سیاسەتەکانی خۆی بکات.

بەلام کارەساتەکان بۆخەلکی عیراق هەربەوەندە تەواونابیت، بەتایبەتی وەختیك خۆیان وەك پەنابەران لەسایەی سیاسەتی دیپۆرت و مامەلەی دەولەتدا دەبیننەوە. لەم بارەوە خوتان ئاگادارن لەماوەی رابردوودا دەولەتی بەریتانیا حەملەیەکی گەورەی لەدژی پەنابەرانی کوردی عیراقی بەری خست و کەوتە پەلامار و گرتن و راونان و پرکردنی دیتینشنەکان (گرتووخانە دەست بەسەرەکان) لەپەنابەران سەر ئەنجام بۆ جاری سێیەم ژمارەیەکی تر لەپەنابەرانی کوردی عیراقی بەکەلەپچەو فرۆکەی سەربازی رەوانەی فرۆکەخانەی هەولێر کرایەوە وە تائیستا ژمارەی ئەو پەنابەرە کوردانەی پیچەوانە بەخواستی خۆیان رەوانەی کوردستان کراونەتەوە گەیشتە 82 پەنابەر ، ئەم حەملەیەو ئەم سیاسەتەی دەولەت لەدژی پەنابەران دریژەی هەیە، هیشتا برینی خزمەتگوزاریەکان و خانووبەرە، رەفزی راستەوخۆ وکارکردن بەسەکشن فۆر وبەزۆر ئیمزاپێ کردنی پەنابەرانی عیراقی بۆدیپۆرت بوونەوە ، و رۆژانە بە دەیان پەنابەری کوردی عیراقی نامەیان بۆ دەچێت و داوایان لێ دەکریت کە ئەو نامانە ئیمزا بکەن و رازی بن بەگیرانەوەی ئارەزوو مەندانەو لەحالەتی ئیمزا نەکردن ئەوا خانووبەرەو خزمەتگوزاریەکانیان لی دەسەندریتەوە بەهۆی ئەم سیاسەتەوە ژمارەیەك ی زۆر لەپەنابەران شۆینی حەوانەی خۆیان جیهیشتوە ترس لەدیپۆرت کردنەوە بۆتە بەلایەکی گەورە بەسەریانەوە. بەلام چارە چیە؟

**بەریزان:**

لەپیشدا دەبی ئەوە قبولبکرێ کە کیشەو کەیسی پەنابەرانی کوردو عیراقی کەیسێکی سیاسی یە کە دەولەتی بەریتانیاو ئەمریکاو هاوپەیمانانی لایەنیکی بەرپرسیاران ومسولیتیان لەئەستۆیە، بەتایبەتی ئەوە بریاری جەنگ و سیاسەتەکانی ئەوەکە کۆمەلگای عیراقی بەم رۆژە گەیاندووە. وەتا هیزەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو هاو پەیمانانی لەعیراقدا بن وتا ئەم سیاسەتانە بەریوە بچن پەنابەران ودیاردەی پەنابەری رووی لەزیاد بوونە. هەربۆیە بەرگرتن بەم دیاردەیە ریگای دیپۆرتی پەنابەران و سیاسەتی دتینشنەکان نیەیە بەلکو لەیەکەم هەنگاودا چوونەدەرەوەی هیزەکانی ئەمریکاو بەریتانیا وپشتیوانی نیو نەتەوەیی یە بۆ گیرانەوەی مەدەنیەت لەعیراق ئەویش بەدامەزراندنی دەولەتیکی عەلمانی غەیرەقەومی غەیرە دینی لەعیراق کەلەسەر بناغەی مافی هاولاتیانی یەکسان دامەزرابی و ریگابدات خەلك خویان کاروباری خۆیان بەریوەبەرن. لەکوردستانیش بریاری بەرپاکردنی ریفراندۆمیك بۆ جیابوونەوە و دامەزاراندنی دەولەتیکی سەربەخۆ بخریتە بەرنامەوە و پشتیوانی لەم خواستە رەوایەی خەلك بگیرێ. ئەگەر کارکردن بەئاقاری گیرانەوەی مەدەنیەت بۆعیراق و دامەزراندنی دەولەتیکی سکولار ریگاچارەی وشککردنی سەرچاوەکانی دیاردەی پەنابەریتیی بیت، ئەوە دەبی بەرنامەیەکیش هەبیت بۆ چارەسەری کیشەی پەنابەریتی عیراقی لەخودی بەریتانیادا.

بۆئەمەش ئیمە سەرخەتی بەرنامەیەکمان لەیاداشتنامەیەکدا بەیان کردووە کە بەبروای من ئەتوانی ببێتە بنەمای کاریکی گەورەو ئینسانی بۆ وەلامدانەوە بەکیشەی پەنابەرانی کورد و عیراقی لەبەریتانیا :

1. هەلۆەشاندنەوەی سیاسەتی دەست بەجی گیرانەوەی بە زۆری پەنابەرانی کوردو هەر ریکەوتنێك کە لەسەر ئەم پەنابەران لەگەل حکومەتی عیراقی و حکومەتی هەریمی کوردستان ئیمزاکراوە بەنهینی.
2. دانی مافی پەنابەری بە پەنابەرانی کوردو عیراقی بەعنوانی قوربانیانی جەنگ ونائەمنی.
3. کردنەوەی مەلەفی ئەو پەنابەرانەی سالانێکی زۆر کەیسەکانیان راگیراوە وەیان وەلامی رەفزیان پیدراوە و بەرێوەبردنی مافی مرۆڤی ئەوروپا لەبەرامبەر کەیسەکانیان.
4. گیرانەوەی خزمەتگوزاری و بەنەفیتەکان بۆ پەنابەران وریگەنەدان بە برینیان لەژیر هیچ بەهانەیەکدا..

بیگومان پەنابەرانی عیراقی وکیشەکەیان بەتەنها ناتوانن بەهیچ ئەنجامیك بگەن، پشتیوانی ئیوە و بەرەی ئازادی خوازی و علمانیت وحزب و ریکخراو ئەندام پەرلەمان و لایەنەکان دەتوانن هیزیکی گەورەی مادی و مەعنەوی بیت بۆ پشتیوانی کردنی ئەو جەبهە ئازادی خوازو ئینسان یەی لەعیراقدا بەرێ کەوتووە وداوا ئەکات جەنگ و تیرۆرو کوشتارواگیرکاری کۆتاپێ بێت و خوازیاری گیرانەوەی مەدەنیەت و سکولاریزمە بۆکۆمەلگای عیراق، لەم کۆبوونەیەوە دەمەوی ئەوە رابگەیەنم کە ئیمە لێرەوە دەتوانیین سەنتەری فریا گوزاری پێك بهینین بۆ ئەو پەنابەرانەی لە ولاتەکانی دراوسێ عیراق قەراریان گرتووە لەهەموو پیداویستییەك بێ بەشن ،سندوقی کۆمەکی دروست بکەین.

لەبەریتانیاش لەئاستی رێکخراوە پەنابەریو ئینسانی یەکان بەرەیەکی یەگرتوو پێك بهینین دژ بە سیاسەتی گەرانەوەی بەزۆری پەنابەران و ،گرتووخانە دەست بەسەرەکان، وفشار بخەینە سەر دەولەت لەریگای نارەزایەتی دەربرین وخۆپیشاندان ولوبی بەرێخستن لەپەرلەمان بۆ راگرتنی ناردنەوەی پەنابەران بۆ ئەو ولاتانەی نائەمنن.

ئێمە پێکەوە بەهیز دەبین وەبەردەوام دەبین لەکەمپینی بێ ووچان بۆ وەستاندنی ئەم نەخشەو پلانانەی دژی پەنابەرانی کورد و عیراقی بەرێوە دەچێ ، ئەم نارەزایەتیانەی ئەم ئێوارەیە گۆیتان لێ دەبێت.

پژی هاوکاری و پشتگیری بۆ کۆتای هینان بە سیاسەتی بەزۆر دیپۆرتی پەنابەران و دژ بەسیاسەتی جیاکاری

نا بۆ دیپۆرت وە راسیزم بەلێ بۆ مافی نیشتەجێ بوون و مافی ئینسانی ..مافی پەنابەری مافی ئینسانە